مەرجێک بۆ ئازادکردنی باوکی لویس دیاز دیاریکرا

گروپی یاخیبووی سوپای ڕزگاری نیشتیمانی ڕایگەیاند هەرکاتێک ئاسایشی ناوچەکە پارێزراوبوو باوکی لویس دیاز ئازاد دەکرێت.

لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمی گروپەکەدا، پشتڕاستکراوەتەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆڵۆمبیا تا ئێستا داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکردووە چونکە حوکومەتی کۆڵۆمبیا بەردەوام لە ناوچەکە هێرشی ئاسمانی ئەنجام دەدات هەروەها سەربازێکی زۆر بەڵاو دەکەنەوە.

گرووپەکە ئاماژەیبەوەشکرد پێویستە ئەم کارە نەکرێت لە پێناو ئەوەی لویس مانوێل دیاز لە مەترسیدا نەبێت و ئەگەر ئۆپەراسیۆنی ناوچەکە بەردەوام بێت، ئەوە تەنها ئازادکردنی دوادەخات و مەترسییەکانی زیاتر دەکات.

لە کۆتاییدا وتی : ئەوان لە ئازارەکانی بنەماڵەی دیاز مارۆلاندا تێدەگەن و پێیان دەڵێن کە ئەوان لەسەر قسەی خۆیانن ئامادەن بۆ ئازادکردنی تاک لایەنانە بەڵام هەرکاتێک کە ئاسایشی تەواو لە ناوچەکەدا هەبوو.